# مۆبایلێکی زۆر سەرکەوتوو لە بواری چاودێرییەوە

مۆبایل ئەگەرچی ئامێرێکی بە سوودە و تەنیا بۆ پەیوەندی وەرگرتن نییە، بەڵکو ئینتەرنێت، کاروباری بانکی و بازرگانی، کامێرا و وێنەگرتن...تاد بەکار دەهێنرێت.. مۆبایل تەواو شەخسیە، بۆیە شتە زۆر تایبەتییەکان لە مۆبایلدان.. هاککەرە و دزەکەرەکان زۆر هەوڵ دەدەن دزە بکەنە ناو مۆبایلەکەت لە رێگای مۆبایلەکەتەوە بتکەنە قوربانی... مۆبایلەکان ئەگەرچی لە زۆر بواردا پێشکەوتوون بەڵام لە بواری ئەمنییەتەوە لاوازن، بەم دواییە لە پیشانگای جیهانی تایبەت بە مۆبایلدا مۆبایلی «KATIM» خرایە روو کە بە ئەمینترین مۆبایلی هۆشمەند دەناسرێت..

مۆبایلەکە لە شێواز و ستایلدا هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ مۆبایلی دیکە نییە، شاشەکەی هەروەك زۆربەی مۆبایلەکان ٥ ئینجە، بەڵام تەکنەلۆژی ئەمنییەتی بەهێزیدا تێدا بەکارهاتووە. بۆ نموونە سیستەمی پەسۆرد داننی زۆر پێشکەوتوو کە بەهیچ هاکەرێك ناکرێتەوە، یا سڕینەوەی هەر پەیامێك دوای خوێندنەوەی، یا لەکاتی دزرانیدا سڕانەوەی گشت پەیام و ڤیدیۆ و وێنەکانی ناویەوە. سەرەڕای بەکارهێنەر دەتوانێت لە رێگای کۆمپانیای بەرهەمهێنی مۆبایلەکەوە گشت زانیارییەکان بسڕێتەوە یان بەدەستیان بهێنێتەوە. هاککەر بۆ ئەوەی دەستی بە زانیارییەکانی ناوەوەی بگات دەبێت دوگمەی کۆدەکان دابگرێت، ئەو دوگمانەش لەناو میمۆری کارتێکی تایبەتدا خەزن دەکرێن کە لە هیچ مۆبایلێکی دیکەدا ناکرێتەوە، بە کورتی بەهیچ جۆرێك هاك ناکرێت.. بەهێزترین خاڵی ئەوەیە کە بەکارهێنەر لە رێگای دوورەوە دەتوانێت، مایك و کامێرا، و بلوتوس و هەستەوەرەکانی دیکە لەکار بخات و بۆیە ئەگەر دزراش هیچ سوودێکی نامێنێت.



## هێدفۆنێک بۆ ٣٧ زمـ

تەکنەلۆژیا کە پێشبکەوێت، جگە لە سوودەکانی رەنگە زیانێکی زۆریش بگەیەنێت، خەڵکێکی زۆر بێکار بێت، کاتێك شۆڕشی پیشەسازی دەستی پێکرد هەر راست ئەو دۆخە هاتە دی.. ئێستا کە هیدفۆنێکی بچووك بتوانێت بە ٣٧ زمان راستەوخۆ وەرگێڕان بکات، پێویستت بە ٣٧ کەس نامێنێت....

هێدفۆنی بێ وایەری (Mymanu Clik+) یەکێکە لەو بەرهەمانە کە لە پیشانگای ساڵانەی CES ٢٠١٨دا نمایش کرا، هێدفۆنەکە دەتوانێت راستەوخۆ وتەکانت بۆ ٣٧ زمان وەربگێڕێ.

## ئەیسەر تەنکترین لاپتۆپ بەرهەم دێنێت

تەنکترین، باشترین، بەهێزترین، گەورەترین و بچووکترین و...تاد ئەم دەستەواژانە لە جیهانی تەکنەلۆژیادا تەمەنیان زۆر نییە و تەنکترین لاپتۆپ هەتا ئەو کاتە مەودای هەیە کە کۆمپانیایەکی دیکە لەو لاپتۆپە تەنکتر بەرهەم دێنێ، یان بەهێزترین کامێرا هەتا ئەوکاتە بڕ دەکا کە لەو کامێرایە بەهێزتر بەرهەم دێ...

لە سەرەتای ٢٠١٨دا تەنکترین لاپتۆپ لەلایەن کۆمپانیای ACERەوە بەرهەم هاتووە، لاپتۆپی جۆری



## ـــــان وەرگێڕان دەکات

رەنگە پێشووتر بە زەینی کەسدا نەهاتبێ کە هیدفۆن جگە لە گوێدان بە مۆسیقا و پەیوەندی تەلەفۆنی بە کەڵکی هیچ شتێکی دیکە بێت.. ئێستا کۆمپانیاکان بیرلەوە دەکەنەوە پێویست ناکات ئامێری نوێ بۆ کاری تایبەت دروست بکرێت، دەکرێت هەر لە ئامێرە کۆنەکان تایبەتمەندییەکان زیاد بکەن، بۆ نمونە هیدفۆن بکرێت بە وەرگێڕ.. ئاپی تایبەت بە وەرگێڕانە هەر لەناو خودی هێدفۆنەکە دایە، بۆیە کرداری وەرگێڕانەکە ئەوەندە ئاسایی دێتە بەرچاو هەنگاوێك لە پێش ئەوانی دیکەیە.



## مۆدێمێک لە شێوەی کەشتی ئاسمانی

لە پیشانگای ساڵانەی cesی ئەمساڵدا، asus مۆدێمێکی خۆی خستەڕوو کە بە جۆری RT-AX88U ناسراوە. ئەم ڕۆتێرە دیزاینەکەی جیاوازە و وەك کەشتییەکی ئاسمانی دەچێت. خێرایی مۆدێمەکە ٦ هەزار میگابایت لە چرکەیەکدایە، هەرچەندە ئەوەش پێویستی بە ئینتەرنێتێکی خێرایە. مۆدێمی ناوبراو وەك شەپۆلی رادیۆیی ئینتەرنێتەکە بڵاودەکاتەوە، بۆیە مەودای بەرێکردنی زۆرتر و خێراترە. بەکارهێنەر دەتوانێت لە مەودای دووسەد مەتر شەپۆلەکە وەربگرێت. مۆدێمەکە لە شوقە بەرزەکاندا سوودی لێوەردەگیردرێت..



Acer Swift 7 بە بۆچوونی کۆمپانیای بەرهەمهێن، تەنکترین لاپتۆپە لە جیهاندا، چونکە بارستاییەکەی کەمترە لە یەك سانتی مەتر...

لاپتۆپەکە شاشەکەی ١٤ ئینجە، پرۆسیسەری نەوەی هەشتەمی ئەنتەلی لەسەرە، رامەکەی ٨ گیگابایتە، شوێنی داکردنی داتاکان کە ناکرێ لە لاپتۆپێکی وا تەنکدا پێیبگوترێ هارد بەڵکو میمۆری ٢٥٦ گیگابایتی لەسەرە، مۆدێمێکی تایبەتی بۆ داندراوە، کە بەکارهێنەر دەکرێت ئەوکاتانەی کە هێڵی ئینتەرنێتی وای فای نەبێت، سیمکارتی بۆ دابنێ چونکە شوێنی سیمکارتی هەیە....



## هارد دیسکی ٣٠ ترابایتی

هارد واتە شوێنی داکردن و راگواستنی داتاکان لە کۆمپیوتەردا هەروا دێت قەوارەیان گەورەتر دەبێت، سەردەمێك باس کردن لە هارددیسکی ٢ ترابایتیش خەیاڵ بوو، ئەمرۆ هاردیسکی ٣٠ ترابایتی بەرهەم دێت..

سامسۆنگ نوێترین هاردی خۆی بەناوی PM1643 خستەڕوو، ئەم هاردە وەك گەورەترین هاردی جیهان دەناسرێ کە قەوارەکەی ٢,٥ ئیجە..

لەم هاردەدا نزیکەی شەش هەزار فیلمی فول ئیچ دی هەڵدەگیردرێت، بە واتایەکی دیکە دەکرێت بۆ ماوەی ٥٠٠ رۆژ بەردەوام ئەو فیلمانەی لەو هاردەدا هەڵدەگیردرێن لێبدرێن. خێرایی راگواستن و داکردن لەم هاردەدا ٢١٠٠ هەتا ١٧٠٠ میگابایت لە چرکەیەکدایە.




# کامێرایەکی ٣٦٠ پلەی زۆر تایبەت



## ئەڵقەیەکی سمارت بۆ تەندروستی بەکارهێنەر

کاتژمێر، مەچەکبەند، مۆبایل و ئەڵقە و ..تاد ئەو ئامێرە نوێیانەن کە ئەرکێکی جیاواز لە ئەرکی خۆیان دەبینن، ئەویش چاودێری تەندروستی بەکارهێنەرەکەیەتی، وەك چاودێری وەرزش و جوڵەی رۆژانە، خەو، سووتاندنی وزە...تاد..


یەکێك لەم ئامێرانەی لە پیشانگای ساڵانەی CES2018دا نیشاندرا، ئەڵقەی تایبەت بە رێك کردنی جەستە و لەش جوانی Motivە. هەموو ئەو چالاکیانەی رۆژانە، وەك هەنگاونان، مەودای رۆیشتن، سووتاندنی وزە، لەم ئەڵقەیە دایە، جگە لەوەش دەتوانیت زانیاری پەیوەند دار بە دوایین لێدانی دڵ لەخۆیدا تۆمار بکات.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت لە مۆبایلەکەمدا زۆربەی ناو و ژمارەکان دووبارەن، رێگایەك هەیە کە بە یەکجار هەموو ناو و ژمارە دووبارە بووەکان بسڕێتەوە؟**


بەڵێ خوێنەری بەڕێز زۆر ئەپلکەیشن هەن کە بە ئاسانترین شێواز ناوەکان دەسڕنەوە، بۆ نموونە ئاپی Duplicate Delete Contacts کە ئاپێکی بچووکە، کاتێك دایدەگرێ ئۆتۆماتیکی گشت ئەو ناو و ژمارانەی کە دووبارەن نیشان دەدا، ئەوکات دەتوانیت ناوەکان بسڕیەوە، یان ئەگەر دوو ژمارە بەناوی کەسێکەوە بوون پێکەوە لە پاڵیەکیان بخەی، دەکرێت هەر بەو پرۆگرامە وێنە و پرۆفایل بۆ ئەو کەسانە دروست بکەی کە پەیوەندییان پێوە دەکەی، یان دەکرێت ژمارەیەك بلۆك بکەی..




# پرۆگرامێک بۆ تۆمارکردنی پاسۆردەکان

ئامێرێکی بچووک کە ئەرکی کامێرایەکی ٣٦٠ پلەیی ئەنجام دەدات و بە ناوی FITT360 ناسراوە، لە شێوە و ستایلدا وەك هێدستی بلوتوسی دەچێت، بە یەکەمین کامێرای ملپێچ دادەنرێت.
کامێراکە پێکهاتووە لە سێ کامێرای fullHD. ئەو سێ کامێرایە پێکەوە وێنەیەکی ٣٦٠ پلەیی دروست دەکەن. بەکارهێنەر بە ئاسانی دەتوانێت بە داگرتنی دوگمەیەك، تۆمارکردنی ڤیدیۆ بکات. بە ئاسانیش پەیوەندی نێوان کامێراکە و مۆبایل دادەمەزرێت و لەگەڵ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پەیوەند دەدرێت.
کامێرای ناوبراو هەستەوەری دیاری کردنی شوێنی جوگرافیای هەیە و بەمجۆرە دەتوانی شوێنی گرتنی وێنەکە لەنەخشەدا ببینی. ئامێرەکە دژە شۆك و دژە گەرمییە و بە تەڕبوون تێکچناچێت.





## شاشەی سمارتی JBL link

لە پیشانگای ساڵانەی cesی ئەمساڵدا، یەکێك لەو ئامێرانەی سەرنجی ئامادەبووانی راکێشا، شاشەی جۆری JBL Link View بوو. شاشەیەك کە سیستەمی وەڵامدانەوەی گوگلی لەسەرە. شاشەکە ٨ ئینجە و دوو سپیکەری لەسەرە. شاشەکە لەلایەن کۆمپانیای هارمێن ئینتەرناشنال و گوگلەوە بەرهەم هاتووە. لە راستیدا دەکرێت بە هەمان سپیکەری گوگل هۆمی بناسین بەڵام بەو جیاوازیەی کە شاشەی هەیە.
دەکرێت لەو شاشەیە بۆ سەیرکردنی فیلمەکانی یوتیوب و پەیوەندیی ڤیدیۆیی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سوودی لێوەربگیردرێت. دوو سپیکەری لەلای پێشەوە هەیە.

## سایتێک بۆ دەستکاری کردنی ڤیدیۆ

ماڵپەڕ و ئاپی مۆبایل و پرۆگرامی کۆمپیوتەر تایبەت بە کەش و هەوا گەلێکن، هەر خودی سایتە گرنگەکانی وەك گوگل و یاهوو هەر ناوچەیەك سێرچ بکەی کەش و هەوای تایبەت بەو ناوچەیەت دەداتێ، بەڵام گرنگترین سایت کە هەواڵەکانی دروست و راستن، ماڵپەڕی accuweather.com، ماڵپەڕێك زانیاری ورد لەسەر هەر ناوچەیەك سەبارەت بە کەش وهەوای تێدایە، پێشبنییەکانی بۆ رۆژانی و تەنانەت هەفتەی داهاتووش تێدایە. ئەم رۆژانە کە پلەکانی گەرما زۆر لەسەرێن و پێویستە جار جارە سەرێك لەم ماڵپەڕە بدەی تا زانیاریی تایبەت بەم شوێنەت بداتێ.

هەرکام لە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت چەندین ئەکاونت هەیە و ئیمێلی هەیە، بۆ کردنەوەی هەرکامیشیان پێویستی بە پەسۆردی تایبەت بەخۆیەتی، لەبەرکردنی ئەو هەموو پاسۆردانە بۆ بەکارهێنەر زۆر سەختە.. نەك ئەکاونتێك جار هەیە لە یەك تۆڕدا بۆ نموونە فەیسبوك، چەند ئەکاونتێکت هەیە، جار هەیە نازانی ئەو پەسۆردەی بەکاری دێنی هی کام فەیسبوکتە، بۆ تورەکانی دیکەش هەروا.. بۆ ئەوەی ئەم دەردەسەرییە لە کۆڵت خۆت کەیەوە و خەمی لەبەرکردنی پاسۆردت نەبێ، پێویستە پرۆگرامی LastPass Password Manager بەکار بهێنی، کە هەم وەك پرۆگرامێکی سەربەخۆ بەکاردێت و هەم وەك سایت و هەم وەك پارچەیەك لە گوگل کرۆم..

لەم پرۆگرامەدا هەم ئەو تۆڕە یا ئیمێلەی بەکاری دێنی تۆمار دەکرێ، هەم پەسۆردەکەی، کاتێك نیازتە فەیسبووك یا تۆڕێکی دیکە بکەیەوە، پرۆگرامەکە دەیناسێت و دەزانێت مەبەستت چییە ئۆتۆماتیکی پەسۆرد و یوزەرەکەت بۆ لێدەدات.
پرۆگرامەکە بۆ پڕکردنەوەی فۆرم و چوارچێوەکانیش کە زۆر کەس کاری پێیەتی سوودی هەیە، بۆ نموونە فۆرمی قوتابخانەت لەلایە و دەبێ سەد فۆرم پڕ بکەیەوە، پێویست ناکات هەرکام بەجیا بنووسی، تەنیا یەکجار بینووسە و بە پرۆگرامەکەی بسپێرە، ئیدی پرۆگرامەکە هەمیشە لەبیری دەمێنێت و لە کاتی پێویستدا بۆت پڕ دەکاتەوە..

